زنجیرەی
٣٦



# پەیامی پێکەنین

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

زنجیرە (٣٦)

# پەیامی پێکەنین

د. عومەر عەلی
٢٠١٩

پەیامی قیبلە
رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


**ناوی کتێب:** **پەیامی پێکەنین**

**نوسەر:** **عومەر عەلی**

**دیزاینی ناوەوەو بەرگ:** **توانا ئەحمەد**

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

**نرخ:**

**ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی**
**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە**

بسم الله الرحمن الرحيم

گەنجێك تەلەفۆن دەكات بۆ مەلایەك و دەڵێت:

مامۆستا ئەگەر ئینسان بایەكی بچوكی لێ بەربێتەوە تارات د ە شكێنێت ؟

مامۆستا: نا برا گیان با بەربونەوە پەیوەندی بە تاراتەوە نی یە.

گەنج: ئێ ئەگەر باكە زۆر گەورەبو!

مامۆستا: نا هەر ئاساییەو تارات ناشكێنێت!

گەنج: ئێ ئەگەر ئەوەندە گەورە بو باكە پیسی لەگەڵ خۆیدا هێنایە دەرەوە ئەوسا چی؟

مامۆستا: ئەوە بە پێی هەر ٤ مەزهەبەكە تۆ گوت كردوە بەخۆتدا، دەبێت نەك تارات هەر خۆت جوان بشۆریتەوە.

ئەم فیستیڤاڵەی هەولێریش بەپێی هەر ٤ مەزهەبەكەو بە پێی دینی هندیەكانیش حسێبكی بكەین هەر زۆركەس خۆی پیس كردوەو دەبیت دوبارە خۆیان بشۆرنەوە.

برادەرێکم بۆی گێڕامەوە وتی: ئێمە هەرچی شت بو حەراممان کردبو لە خۆمان مزگەوت و جمعەو جەماعەت نەبێت، وتی برایەکمان رۆشت بۆ بادینان لەوێ بردبویان بۆ سەفرە، پیاو بەجیاو ژن بەجیا لە دوری یەکیشەوە هەروا بۆخۆیان دەستیان کردبو بە نەرمە هەڵپەڕین، وتی ئەم براش چون قەت ئەمەی نەدیبو زۆری بەلاوە سەیر ببو! وەك بڵێی باشە خۆ ئەمانەش هەموی کەسی چاك و ئەهلی مزگەوتیشن، وتی بە فرسەتی زانیبو کردبوی بە قونبادانێك هەرچی بادینیەکانە ببون بە سەیرکەری و پێی پێکەنی بون، برا وتمان ئاساییە بەس نەك بەم شێوە!.

برادەرێکی تر وتی گەشتمە ئەوروپاو رۆشتم بۆ دیسکۆ، وتی هەر رۆشتمە ژورەوە حاڵم لێهات ئەو هەمو ئافرەتەم دی، وتی ئیتر کاتێکم زانی دەستێکم شکاوەو دەموچاوم تەقیوەو بردەرێکم بە راسەرمەوەیە لە خەستەخانە دەڵێ خوا گەورەیە ان شاء الله باش دەبیت، بە ماڵەوەمان وتوە خلیسکاوەو بەربوەتەوە.

نە هەڵپەڕکێ حەرامە نە تێکەڵ بونیش گەر دروستی هەڵپەڕکێ بکرێت هەر چینەو بۆ خۆی، نە تێکەڵیش حەرام گەر ئافرەتان لە دوای پیاوەکانەوە جوان بوەستن بۆ نوێژ.

*********

مرۆڤم بینی جل و بەرگی لەبەردا نەبو!
جل و بەرگم بینی مرۆڤی تیا نەبو!
مەولانا

*********

کابرایەك یەکەمجاری دەبێت بەرنوێژی بکات هەر کە دەیخەنە پێشەوەو دەست دەکات بە نوێژکردن، سورەتی التین دەخوێنێت،

دوای بسم الله الرحمن الرحيم دەڵێ (وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ) لە دواوە چەند کەسێك بە دەنگی بەرز دەڵێن سبحان الله، وەك ئەوەی ئاگاداری بکەن کە هەڵەی کردوە، ئەویش وتی لە دڵی خۆمدا وتم لەوەیە تینەکە دوای زەیتونەکە بێت، بۆیە دەڵێ والزيتون والتين، دیسان هەر دەڵێن سبحان لله، کابرا ئیتر نازانێت چی بکات و دەمی دەپێچێت بە یەکداو دەڵێ وە تەتەنی وە زەیتون، هەر دیسان دەڵێن سبحان الله، ئەویش نوێژەکە دەبڕێت و دەڵێ ماڵتان ئاوا بێت دە والله نازانم چی بڵێم راستەکەی چی یە؟

ئەوانیش دەڵێن کاکە گیان تۆ هێشتا سورەتی فاتیحەت نەخوێندوە!

هەولێری دەرێ کوێرا گەشتیتە سورەتی التين.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتوە هەنجیرو زەیتون پێکەوە سودی یەکجاری هەیە، دیارە ناوهێنانی ئەو دو میوەش پێکەوە حیکمەتی تێدایە.

جگە لەوەی هەردوکی کۆمەڵێك سودی زۆری بۆ تەندروستی هەیە.

نیعمەتەکانی خوای گەورە ئێجگار زۆرن و لە ژمارەدا نایەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا ۗ) النحل ١٨

دەکرێت هەڵە بکرێت لە نوێژدا، بۆ راستکردنەوەی ئەوانەی لە دواوەن دەتوانن راستی بکەنەوە، باشتر وایە ئەو کەسە بچێتە پێشەوە کە زاناتربێت بە قورئان و ئەحکامەکان.

*********

لە سەفەرێکی ئیتالیا تەلەفۆنەکەم نەما.

ڕۆشتم بۆ لای پۆلیس وتم: تەلەفۆنەکەم دیار نەماوە، نازانم ون بوە یان دزیویانە!

وتی: جا چی بکەم ون بوە یان دزیویانە، خۆ ناچم ئەو خەڵکە

بپشـكنم بزانـم كـێ بردويەتـی!
وتـم: لـە بەريتانيـا عادەتـەن كـە بـە پۆليـس دەڵێـی ناونيشـانت دەنوسـێت، چـون دەكرێـت كەسـێك دۆزيبێتيـەوەو بيهێنێـت بـۆ بنكـەی پۆليس.
وتی: ببورە.
وتم: دەی باشە ئيشی كارێكت نی يە لە خزمەتتا بين!
وتی: گاڵتە دەكەيت؟
وتـم: نـا بيـرم لـەوە دەكـردەوە لـە وڵاتـی ئێمـە دەڵێـن ئەوروپـا دەسـتپاكن و پۆليسـەكانيش هيچيـان لـە دەسـت دەرناچێـت!
وتی: ڕونتر قسە بكە.
وتم: ڕونە دواتر بيری لێ بكەرەوە، ئيتر بەجێم هێشت.
لـە ئيسـلامدا كـە شـتێكت دۆزيـەوە دەبێـت بانگـەوازی بـۆ بكەيـت بزانيـت هـی كـێ يـە ئەحكامـی تايبەتـی هەيـە لـە فيقهـی ئيسـلاميدا، لـە ئەوروپـا دەكرێـت شـتەكە ببەيـت بـۆ بنكـەی پۆليـس، چـون خەڵكـی ڕۆلـەوێ دەكـەن.
دزيـش حەرامـەو ياسـای قورسـی بـۆ دانـراوە، بـەڵام دەبێـت شـتەكانيش لـە جێگەيەكـدا پارێـزراو بيـت كـە شايسـتەی بوبێـت.
لـە مـاوەی ٢ سـاڵدا ٧٤٢,٠٠٠ تەلەفـۆن دزراوە لـە دو بەشـی بەريتانيـادا نـەك هەمـو بەريتانياش.
ياسای بەريتانيا تا ١٠ ساڵ زيندانی بۆ كەسانی دز بڕيوەتەوە.
سەلام مامۆستا.
سەلام بانی سەرم براكەم فەرمو.
سـوێندم خـواردوە سـەرنەكەم بەماڵـی باوكمـدا، ئێسـتە مامۆسـتايەك دەڵـێ دەبێـت سوێندەكەت بشكێنێت! توخـوا ئـەوە مامۆسـتايە؟ حسـاب بـۆ قورئـان نـاكات!

بەڵێ ئەوە مامۆستایەکی زۆر باشیشەو ڕاست دەکات، تۆ حسابت بۆ قورئان نەکردوە نەك ئەو!
من حسابی چیم بۆ نەکردوە، من نامەوێت سوێندەکەم بشکێنم!
تۆ ئەگەر حسابت بۆ بکردایە ئەو سوێندەت نەدەخوارد، چون سوێندەکە پێچەوانەی قورئانەکەیە!
ئێستە من چی بکەم؟ گیرم کردوە!
سوێندەکەت بشکێنەو کەفارەتەکەی بدە، خواردن بدە بە ١٠ هەژار، چون ناکرێت قورئان بکەیت بە ڕێگر لە ئاست سیلەی ڕەحم، شتێك مەشروعیەتی هەبێت بە سوێند نابێت بەربەستی بۆ دروست بکەیت، ئەوسا لەبەر ئەو هەڵەی کە کردوتە ١٠ هەژار دەبێت تێر بکەیت، ئیسلام وایە هەڵەکان بە چاکە چاك دەکاتەوە.
یەعنی ئێستە بچم بۆ ماڵ باوکم؟ ئەی عەیب نی یە! ئەوان دەزانن سوێندم خواردوەو ئێستە بڕۆم.
نا عەیب ئەوەیە نەڕۆیت و نەتەوێت خواردنی هەژارەکان بدەیت، بەخێزانت بڵێ تەلەفۆنیان بۆ بکات و بڵێ پێیان بۆ ئێوارە خواردن چاك نەکەن و بە مەنجەڵێك دۆڵمەوە خۆتان بکەم بە ماڵیاندا.
جا بەخوا خێزانم زۆر کەلە ڕەقە ئێستە بڵێم دۆڵمە بکە ئەویش نایکات.
سوێند نەخۆیت لەسەری ئەویش با گۆمەکە قوڵتر نەبێت، ئەگەر نەیکرد پاکەتێك شیرینی لەگەڵ خۆتاندا ببەن و بڕۆن.
باشە مامۆستا پرسیارێکی تر؟
فەرمو براکەم.
هەرچی سوێند هەیە بەم شێوەیە چارەسەر دەبێت؟
نا نا برام خراپ حاڵی نەبیت، سوێند لەسەر شتی ڕابردو کە بوبێت

و تـۆ بڵێـی نەبـوە ئـەوە تاوانـی گەورەیـەو کەفارەتیشـی نـی یـە، لـە شـەرعدا پێـی دەوترێـت الیمیـن الغمـوس واتـە سـوێندنی ئینکاری، ئـەوە خواردنـی هەمـوی صینیـش بدەیـت کەفارەتـی نـی یـە.
یانی چۆن زیاتر بۆم ڕون بکەرەوە؟
بـۆ نمونـە شـاهیدی ناحـەق لەسـەر شـتێك کـە بوبێـت تـۆ بڵێـی نەبـوە، یـان نەبـو بێـت تـۆ بڵێـی بـوە، چـون بـەو شـاهیدیە درۆ حەقـی کەسـێك دەفەوتێـت تێیـدا.
ڕاستە دەڵێین شەرع قوڵە.
شـەرع قـوڵ نـی یـە ئێـوە خۆتـان زۆر قوڵـی دەکـەن، سـوێند مەخـۆ بـۆ ڕێگـری لـە کاری چاکـەو سـوێند مەکـە بـە داگیـرکاری خراپـە.
ئیستە بۆ مەسەلەکەی من هەرئەوەندەیە؟ دە هەژارا!
بەڵـێ کـوردەواری دەڵـێ شاباشـی خـۆت بـدەو قنـج هەڵپـەڕە، فەقیـرەکان تێـر بکـەو ئیتـر سـوێندی تـری وا نەخۆیـت!
دە بـا شـتێکیش بڵێـم لـە داخـی ئـەوە سـوێندم خـوارد کـە دەڕۆم بـۆ ماڵیـان هـەر سـەیری موسەلسـەی تورکـی دەکـەن تـۆ لـە جێگـەی منـدا بیـت چـی دەکەیـت؟
مـن لـە جێگـەی تـۆدا بـم ئەوەنـدە قسـەی خۆشـیان بـۆ دەکـەم موسەلسـەلیان هـەر لەبیـر نەمێنێـت بەڵکـو کارەبـاش ببڕێـت هەسـتی پـێ نەکـەن نـەك موسەلسـەی تورکـی.
باشـە مامۆسـتا گیـان بـەڵام توخـوا لەگـەڵ خێزانمـدا قسـە بکـە بـا دۆڵمەکە بکات!
مەردی خوابە شەڕی ژن لەمن لادە خۆت بە هێمنی پێی بڵێ.
********

لە سەردەمی یەکێك لە خەلیفەکاندا کەسێك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد، گرتیان و بردیانە بەردەمی خەلیفە، وتیان تۆ دەڵێی پێغەمبەرم؟ ئەویش وتی: بەڵێ قوربان پێغەمبەرم! وتیان دەی ئەگەر پێغەمبەری بیت دەبێت موعجیزەت هەبێت، ئادەی ئەگەر ڕاست دەکەیت ئەو قفڵە بکەرەوە؟ ئەویش وتی قوربان خۆ من وتم پێغەمبەرم نەمگوت ئاسنگەرم...

*********

هەر لە سەردەمی یەکێك لە خەلیفەکانی تردا کابرایەك دیسان بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد، بردیان بۆ لای خەلیفە، خەلیفە وتی تۆ پێغەمبەریت؟ ئەویش وتی بەڵی قوربان پێغەمبەرم! وتیان دەی باشە پێغەمبەران دەبێت هەریەکەو بۆ گەلێك هاتبن تۆ بۆ چ گەلێك هاتویت؟ ئەویش وتی والله قوربان ئێوە نەتانهێشت بزانم خوای گەورە بۆ چ گەلێکم دەنێرێت، هەربوم بە پێغەمبەر یەکسەر پۆلیس گرتمی.

*********

یەکێك بانگەشەی خوایەتی دەکرد، بردیان بۆلای خەلیفە وتیان تۆ خوایت؟ ئەویش وتی بەڵێ من خوام! وتیان ئەم قسانە چی یە تۆ دەیکەیت، ماوەیەك پێش ئێستە کەسێك وتی پێغەمبەرم گرتمان! ئەویش وتی ئیشێ باشتان کرد چون ئەوە پێغەمبەر نەبوەو من نەمناردوە درۆی کردوە !

*********

ڕۆشتم بۆ سپیك کۆرنەی لەندەن، پیاوێك تەنها دو دانی مابو لە پێشەوە هاواری دەکرد دەیگوت من پێغەمبەرم، ئەوەی باوەڕ بەمن نەهێنێت دەچێتە جەهەنم، چەند منداڵێك لەبەردەمیدابون مسوڵمان،

پرسیاریان لێ دەکرد، منیش وتم قوربان تۆ پێغەمبەریت، دڵی خۆش بو وای دەزانی باوەڕی پێ دەکەم، وتی بەڵێ: وتم تۆ ئێستە وتت ئەو منداڵانە دەچنە جەهەنم، وتی شتی وام نەوتوە، وتی ئەی تۆ وتت هەرکەس باوەڕ بە من نەهێنێت دەچێتە جەهەنم ئەوانە مسوڵمانن و باوەڕیان بە محمد پێغەمبەرە، سەیری منداڵەکانی دەکردو سەیری منی کرد دەمی بو بە تەڵەی تەقیو، ئیتر حەفتەکانی تر نەمدیوە.
ئیمان دو بەشە، بەشێکی شاهیدی دان بە الله کە جگە لەو خوایەکی تر نی یە، بەشی دوهەم شاهیدی دانە بە محمد کە پێغەمبەرو کۆتا نێردراوی خوایە.

*********

ڕێکخراوێکی مولحید بەناوی یارمەتی هەژارەوە دەچێت بۆ ئەفەریقاو یارمەتی زۆری خەڵکەکە دەدەن، هەژاریان ئیستغلاڵ دەکەن بۆ هەڵگەڕانەوەیان لە ئیسلام، خەڵکیش هەژارەو هەمو ڕۆژ بنکەکانیان جمەی دێت و ئەوانیش زۆر دڵخۆش دەبن بەوەی هەوادارییان زۆرە! چەند کارمەندێکیش تەعین دەکەن بۆیارمەتیدانیان، سەیر دەکەن هەمو ڕۆژ دوای نانخواردن خەڵکەکە ئیتر بڵاوە دەکات، هەر ئەوەندە زگیان تێربو پشت هەڵدەکەن.
کارمەندەکان بە دڵسۆزی کار دەکەن و دڵیان زۆر پێی خۆش دەبێت، ڕۆژێك یەکێك لە مولحیدەکان گوێی لێ دەبێت یەکێك لە کارمەندەکان لە کاتی نان خواردندا دەڵێ بسم الله، ئەویش زۆر تورە دەبێت و دەری دەکات.
دوای ماوەیەك ئەزراق تەواو دەبێت و فایدەی نەبو، کۆدەبنەوە کە ئیتر ناوچەکە بەجێ بهێڵن، یەکێك لە کارمەندەکان کە تا ئەو ساتە لەگەڵیان بوە، پێی دەڵێن تۆ پیاوێکی زۆر دڵسۆزبویت بۆ ئێمەو تەنها

تـۆ بـاوەڕی تـەواوت بـە ئێمـە هەبـو، بۆیـە هەرچـی شـتومەك ماوەتـەوە بیبـە بـۆ خـۆت، ئەویـش دەڵـێ واللە مـن بـاوەڕم بـە ئێـوە هـەر نەبـوە، بـە دڵسـۆزی ئیشـم کـرد بـۆ ئـەوەی پـارە کۆبکەمـەوەو حەجێکـی پـێ بکـەم.

*********

وتـی: مامۆسـتا دەڵێـن ژن دەبێـت کارەکـەری بـۆ بگریـن، ئێمـە کـە توانامان نـی یـە چـی بکەین؟

وتم: مادام توانات نی یە هەر کارەکەرەکە بگرە ژنەکە مەهێنە.

وتی: دەی خۆ کارەکەرەکەش هەر ژنە!

وتم: دەی کەواتە هەر قسەی نەکردایە باشتر بو!

*********

وتی: باشە دەڵێن بەهەشتە لە ژێر پێی دایکانە ئەوە چۆنە؟

وتـم: ئـەوە ئـەو دایکانـەی ئێسـتە نـی یـە وا نـاوی خـۆی نـاوە لولـو، جوجـو، ژوژو، هـەر خەریکـی جوانکاریـەو سـەریش ناکوتێتـە ئـەرزا بـۆ خـوا، خـراو حاڵـی نەویـت لـە حەدیسـەکە.

وتـی: ئـەی یـەژی چـێ لەسـەر بۆیـاخ کـردن، دەڵێـن ئەگـەر ڕەش نەبێـت ئاسـاییە.

وتـم: نـا بـرا ئەویـش ئاسـایی نـی یـە، هـەر ڕەنگێـك بکەیـت دواتـر حیزبێك دەتکاتـە عایـدی خۆی!

وتی: ئەی ئەگەر کەسێك توانای نەبێت ژن و من بهێنێت چی بکات.

وتم: من نەهێنێت هەر ژنەکە بهێنێت ئەوە نیوەی لاچو.

وتی: ئەی ئەگەر توانای ئەوەشی نەبێت چی؟

وتم: با بە ڕۆژو بێت.

وتی: ئەوە نارەحەتە مامۆستا.

وتـم: خەیـرەو کـەم مەسرەفیشـە، ماوەیـەك وا لێیخوڕێـت پـارەی ژنەکـە

کۆدەکاتــەوە، ئــەی ئــەو شــەو ڕۆژ لــە نێرگەلــە بێــت پــارەی چــۆن بــۆ کۆدەبێتــەوە!
وتی: ئەوە باسی نێگەلەت کرد ئەویش حەرامە؟
وتم: نەك هەر حەرامە بەڵکو عەیبیشە.
*********
بەرپرسێکی چەپ خەڵکی هەندێك لە گوندەکان کۆدەکاتەوەو بەناوی شۆڕشەوە قسەیان بۆ دەکات و فکری بێدینی لە قسەکانیدا زەق دەکاتەوە، خەڵکیش زۆری بە تەمەن دەبن و دیندارن و نەخوێندەوار، دوای ئەوەی لە قسەکان دەبێتەوە دڵی خۆش دەبێت لەوەی کاریگەری دروستکردوە، ڕودەکاتە خەڵکەکەو دەڵێ: کێ پرسیاری هەیە؟
یەکێ لە ئامادەبوان دەڵێ: من!
ئەویش دەڵێ: فەرمو...
کابراش دەڵێ: توخوا کاکە گیان یەك سەعاتە مێشکی ئێمەت برد بەم قسە هەلەقو مەلەقانە یەك سەڵاواتت بدایە باشتر نەبو!
*********
عێراق لە حەوتەم وڵاتی جیهانەوە بۆ تەمەڵی بەرزبویەوە بۆ پێنجهەم وڵات! جا ئەوەش هۆکاری حیزب و حکومەتە کە ناهێڵێت دەرفەتی کارو کارگە بکرێتەوەو دەیانەوێت خەڵکی زیاتر پشت بە موچەو بندیواری ببەستن. (ئەڵبەت خەڵکیش هۆکارە)
خراپترین جۆری تەمەڵیش ئەوەیە ئەگەر بەرانبەر ئەرکی خوای گەورە بێت و بە تایبەت لە عیبادەتدا.
جا دەگێڕنەوە کابرایەك لەو تەمەڵانە کە تاقەتی نی یە بچێت بۆ نوێژی و حەزی لە خێری جەماعەتیشە تەلەفۆن دەکات بۆ مامۆستایەکی ئاینی و دەڵێ: مامۆستا گیان جائیزە لەماڵەوە نوێژی

جەماعــەت لەگــەڵ تەلەفزیۆنەکــەدا بکــەم، دەیخەمــە ســەر مەککــەی پیــرۆزو لەگــەڵ ئەوانــدا جەماعــەت دەکــەم!
امۆستاش سوعبەت چـی دەبێـت و دەڵێـت: بەڵـێ قوربـان گیان دروسـتە، حـەز دەکەیـت عاباکـەی خێزانیشـت بـدە بەسـەر سـەلاجەکەداو هـەر لـە ماڵـەوە حەجەکەشـت بکـە.
بڕۆن بۆ جەماعەت تەمەڵی مەکەن و بیزانستێن!.
*********

دەگێڕنــەوە کابرایەکــی دزو ســاختەچی دەچێتــە نــاو باخــی مزگــەوت بــۆ دزی، هەنجیــری مزگــەوت دەڕنێــت و پــڕی عەلاگــەی لــێ دەکات، لـەو کاتـەدا مـەلای مزگـەوت بەسـەردا دێـت و کابـرا دەبینێـت، کابـراش ســاختەچی یــە، بــۆ ئــەوەی لەبیــری مامۆســتای بباتــەوەو خۆشــی بــە پیاوچـاك نیشـان بـدات بـە مامۆسـتاکە دەڵـێ: مامۆسـتا گیـان مـن ئیمانـم زۆر بـەرز دەبێتـەوە بـە قورئـان خوێندنـی تـۆ، ئـا توخـوا کەمێـك قورئانـم بـۆ بخوێنـە!
مامۆسـتاش زیـرەك دەبێـت و دەزانێـت ئـەو دەیەوێـت بەنـاوی قورئانـەوە خـۆی دەربـاز بـکات، مامۆسـتاش لـە دڵـی خۆیـدا دەڵـێ ئێسـتە دەبێـت هـەر بـە قورئـان وەڵامـی بدەمـەوە، بۆیـە دەسـت دەخاتـە بـن گوێـی و بـە دەنگـی بـەرز دەڵـێ: الزیتـون! کابـراش دەڵـێ مامۆسـتا گیـان هەڵـەت کـرد، والتیـن ت لەبیـر کـردا!
مامۆسـتاش دەڵـێ: ئاخـر تینەکـە تـۆ دزیـت و لـە بـن باڵتایـە دەری بهێنـە سـاختەچی، دەتەوێـت دزی بکەیـت و بـە قورئـان بیپۆشـیت.
*********

دەگێڕنــەوە دەڵێــن رۆژێــك مامۆسـتا باسـی رزقـی كـردوەو گرنگـی زو هەسـتان لـە خـەو، مامۆسـتاكە دەڵـێ: هەركـەس زو هەسـتێت لـە خـەو خـوای گـەورە ڕزقـی ئـەدات، كابرایەكیـش وتارەكـە تەئسـیری لـێ دەكات و بەیانـی زو هەڵدەسـتێت و دەچێـت بـۆ سـاحەی كرێـكاری، چـون هێشـتا تاریـك بـوە، چەنـد كەسـێكی نـا مـەردی لـێ پەیـدا ئەبێـت و ڕوتـی ئەكەنـەوەو هەرچـی پـێ دەبێـت لێـی دەسـەنن! ئەویـش سـكاڵا دەبـات بـۆلای مامۆسـتاو دەڵـێ: قوربـان گیـان مـن بـە قسـەی تـۆم كـرد، بەیانـی زو هەسـتام و ڕۆشـتم بـۆ سـاحەكە بـۆ ئیـش كەچـی ڕوتیـان كردمـەوە! مامۆسـتاش نازانێـت چـۆن بـۆی شـی بكاتـەوە دەڵـێ: ئاخـر بـرا گیـان لەوانەیـە ئەوانـەی كـە تۆیـان ڕوت كردوەتـەوە، ئـەوان زوتـر هەسـتابن، بۆیـە خـوا رزقـی ئەوانـی داوە.
نەكردنـی عیبـادەت و سسـتی تێیـدا سـەرەنجامی تەمەڵیـە، جـا د ە یفە لســە فێنن !

جیلێـك بەڕێگەوەیـە لـە كوردسـتان، وا هەسـت دەكـەم ئەوەنـدە تەمەڵـن، ئەگـەر موچـەی بندیواریشـیان بـۆ ببڕنـەوە كێشـەی وەرگرتنەكەیـان بـۆ بێتـە پێـش.

*********

هەر جارەو كۆڵێك حەبم بۆ دەهێنن تا بزانم چی یە!
هەروا دۆستەو ئەشیعەم بۆ دەنێرێت لە نامەوەو دەڵێن سەیری بكە!
بەڕێـزان دكتۆریەكـەی مـن پەیوەنـدی بـە تەندروسـتیەوە نـی یـە، مـن دكتـۆرام هەیـە لـە:
Language & Communication
دەگێڕنــەوە دكتۆرێكــی فێتێنــەری دەچێتــە گوندێــك، شــەو كەسـێكی

گوندەکـە نەخـۆش دەکەوێـت و هـاوار بـۆلای دکتـۆر دەبـەن! ئەویـش فەقیـرە هیچـی لـێ نازانێـت، ملێـك بـادەدات و دەڵـێ: بەخـوا ئەگـەر مانـگا بوایـە هـەر ئێسـتە عیلاجـم دەکـرد.

*********

کابرایـەك ئێجـار زۆر ڕەزیـل دەبێـت و لەنـاو ئیشـدا کـوردەواری دەڵـێ کـوڵاوەو هـەردەم هـەر خەریکـی ئیشـە، پێـی دەڵێـن ئـەرە بـرا حەجێـك بکـە، یارمەتـی هـەژار بـدە، بـۆ دەسـتت ناچێتـە هیـچ، فایـدەی نـی یـە، دەڵێـن بـرا هـەر نەبێـت عومرەیـەك بکـە بـۆ خـۆت، ئەویـش هەرچـۆن بێـت ڕازی دەبێـت و دەچێـت بـۆ عومـرە!

لـەوێ چـون هـەر بیـری لای ئیشـەو بـە دڵ نەڕۆشـتوە بـۆ عەمـرە هـەر بێتاقەتـە، لـە کاتـی تەوافـدا دەبێـت تەلەفۆنێکـی بـۆ دێـت، دەڵێـن دەنگوباسـت چۆنـە چ دەکەیـت؟

ئەویـش دەڵـێ چ دەکـەم! بـێ کارو بـێ کاسـپی هەمـو ڕۆژێـك بـە دەوری عەکبـەدا دەسـوڕێمەوە!

*********

کابرایەکیـش زۆر دەوڵەمەنـد دەبێـت و هـەردەم پێـی دەڵێـن خێـر بکـە بـۆ باوکـت، ئـەو نەبـوا ئێسـتە تـۆ ئـەم سـەروەت و سـامانەت لەکـوێ بـو.

ڕۆژێـك زۆر تەنگەتـاو دەبێـت لـە دەرەوە، دەچێتـە لای روبارێـك و بـە تـەواوی خـۆی خاڵـی دەکاتـە نـاو ئاوەکـە، سـەیری دوای خـۆی دەکات ئاوەکـەی زەرد کـردوە، دەڵـێ کـورە دەی بـا ماسـی بیخـوات خەیـری باوکم.

لـە قورئانیشـدا هاتـوە : (لَـن تَنَالُـوا الْبِـرَّ حَتَّـىٰ تُنفِقُـوا مِمَّـا تُحِبُّـونَ) ال عمـران ٩٢

واتـە: ئێـوە هەرگیـز ناگەنـە پلـەی چاکیـی و چاکـەکاری هەتـا لـەو شـتانەی کـە خۆشـتان دەوێـت نەبەخشـن.

لە فەرمودەشدا لەسەر شەوانی قەدر هاتوە: (مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ) رواه البخاري
واتە: هەرکەس شەوانی قەدر بکاتەوە بە ئیمان و چاوەڕێی پاداشتی قیامەتی، ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت.
ئیمان و چاوەڕوانی پاداشتی قیامەتی هەوێنی کاروکردەوەکانە، بۆیە بۆ ڕەمەزان و بۆ قەدریش هەردوکیمان لە فەرمودەدا خراوەتە پێش چاو.

*********

ژنەکان لە نوێژی تەراویحدا هەر دەنگیان دەهات! هەرچی ئیمام دەیگوت بێدەنگبن فایدەی نەبوا!
ئیمام لە ئیسراحەتی نێوان تەراویحەکاندا وتی خوایە گیان هەر ئافرەتێك دەنگی لێوەهات پیاوەکەی ژن بهێنێتە سەری!
وتی پیاوەکان هەمویان بە دەنگی بەرز وتیان امیییییییین.
تا نوێژەکان تەواو بو یەك ئافرەت دەنگی لێوە نەهات!
ئەوەش حیکمەتی ئیمام.

*********

عادەتەن دوای مانگی ڕەمەزان لە کۆڕو کۆبونەوەدا پرسیار لە یەکتری دەکرێت تۆ چەند ڕۆژت گرت و تۆ چەندت گرت، ئیتر کوڕ ئەو کوڕەیە زۆرتری گرتبێت و هیچی لێ خواردبێت، یەکێ دەڵێ: من ٢٥ ڕۆژم گرت و چەند رۆژێك نەخۆش بوم، یەکێ دەڵێ: ٢ ڕۆژ لە سەفەر بوم گەرنا هەمویم گرت، یەکێ دەڵێ: من بە کاملی هەمویم گرت، یەکێ تر دەڵێ: سا واللە من ٣٧ ڕۆژی ڕێکم گرت!
هەموی دەڵێ: ئەگەر بە کامیلیش هەمویت گرتبێت ئەوسا ٢٩ یان ٣٠ ڕۆژە، چۆن تۆ ٣٧ ڕۆژت گرتوە؟

ئەویش دەڵێ: کورە هەندێك خورمامان مابویەوە، ئێ چی بکەم خۆ فرێی نادەم لەبەر خورماکە ٧ ڕۆژی زیادەم گرت تا تەواوی بکەم.

*********

ئێران دادگای ئیمامی عومەریان کرد، حوکمیان بەسەردا سەپاند، جا خۆشیەکەشی لەوەدابو، لەو ئێرانەدا یەك پارێزەر نەبو بۆ ئیمامی عومەر، حوکمەکەیان داو بڕایەوە، ئیتر کاریان نی یە، عومەر کەی وەفاتی کردوە، گرنگ ئەوان ئیشی خۆیان کرد.

*********

سونیەك و شیعەیەك لە ئەڵمانیا ببو بە شەڕیان، شیعە جوێن بە ئیمامی عومەر و سونەش لە ڕەد فعلدا جوێن بە ئیمامی عەلی، دواتر دران بە دادگا، لە دادگا شیعە سوربویەوە لە سونی و وتی جوێنی داوە بە ئیمامی عەلی، سونەش بە هەمان شێوە وتی جوێنی داوە بە ئیمامی عومەر، دادوەری داماویش تەقەی سەری دێت، چوزانێت عومەر و عەلی کێیە، وتی کاکە مادام وایە دەبێت ئەو دوکەسەش بانگ بکرێن و وتەیان وەرگرین! وتیان جەنابی دادوەر تۆ دەڵێی چی! ئەوان هەزار ساڵ زیاترە مردون! دادوەریش وتی، دەی کاکە ئەم دوانە ببەن بۆ نەخۆشخانەی دەرونی، ئەوان هەزار ساڵە مردون! ئێوە شەڕ لەسەر چی دەکەن.

*********

٢ کوردی خۆمان، سەردەمی گرانیەکە ڕۆشتبون بۆ ئێران بۆ ئیش، لە کرماشان گیرابون و بردبونیان بۆ پازگایەك، دانەیەکیان بانگ کردبو بۆ تەحقیق، وتبویان پێی ئیمامی حوسەین کێ کوشتی! ئەویش هیچی نەزانی بو فەقیرە، وتبوی بەخوا بە قورئان بە چی باوەڕ دەکەن من نەمکوشتوە، من فەقیرێکم و بۆ کاریگەری هاتوم بۆ ئێرە، وتبویان

بـڕۆ دەرەوە ئەوەکەیـان بانـگ کردبـو، لـە هۆڵەکـەدا چپاندبـوی بـە برادەرەکەیـەوە، وتبـوی بەخـوا بـرا گیـان وابزانـم کەیسـەکەمان قورسـە، تەنهـا سـنور شـکاندن نـی یـە، خوێنێکیشـیان خسـتوەتە ملمـان.

*********

١٠ بـۆ ١٢ سـاڵ پێـش ئێسـتە لـە هەواڵێکـدا بینیـم، دادگای ئـوردن سـزای داوەتـە سـەر م کرێـکاردا لەبـەر ئـەوەی ئیشـی مـادە هۆشـبەرەکانی کـردوە لـە ئـوردون، م کرێکاریـش وتـی بەخـوا نـە ئوردنـم دیـوە نـە مـادەی هۆشـبەر.

*********

ئیتالیاش بەبێ ئامادەبونی م کرێکار ١٢ ساڵ زیندانی بۆ بڕیوەتەوە.

*********

دایکـی بـاوا ئەحمـەدم خـوا عافـوی کات، لەبیرمـە لـە دائیـرە پێیـان وتبـو وێنەمـان بـۆ بهێنـە، ئەویـش هاتـەوە بـۆ مـاڵ، بـە خاڵۆمـی وت بـڕۆ بـۆ بـازاڕ لای وێنـە گـرەکان ٤ وێنـەم بگـرەو بـۆم بهێنـە، لـە دائیـرە داوای لێکـردوم! خاڵۆشـم وتـی دەی باشـە وەرە تـا بڕۆیـن، ئەویـش چـون زۆر پیربـو نەیدەزانـی وێنـە چـی یـە، دەیگـوت ئنجـا مـن خـۆم بێـم ئیتـر تـۆم بـۆ چـی یـە، خاڵۆشـم دەیگـوت دەی ئەگـەر تـۆ نەیەیـت مـن وێنـەی چـی بگـرم.

*********

دادگا ئیتالیا خۆی ناوێت و وینەکە دەگرێت.

*********

لـەم دونیـای ئەنتەرنێتـەدا زیاتـر لـە ١٥ سـاڵە تێیـدا دەنوسـم، ئـەوکات هـەم نوسـینی کـوردی و هەمیـش نوسـەری کـوردی کـەم دیاربـون، بابەتێـك نوسـرابو لەسـەر عەشـرەتێك، سـەرۆکی عەشـیرەتەکە پەیوەنـدی

بـه منـەوە کـرد، وتـی ئـا توخـوا ئـەو بابەتـە بسـڕەوە! وتـم بـرا ئـەوە لـە کوردسـتان پۆسـت دابەزیـوەو کاری بـە منـەوە نـی یـە، مەگـەر خۆیـان بیسـڕنەوە، مـن ناتوانـم، وتـی ئـەی ئیتـر تـۆ نوسـەری چیـت، خـۆ مـن دادگای ئیتالیـا نیـم بـە غائیبـی هەمـو شـتێك بکـەم.

*********

خزمێکمـان پاسـۆردی فەیسـبوکەکەی لەبیـر چوبـو، تاگـی وینـەی خراپیـان کردبـوە سـەر پرۆفایڵەکـەی، تەلەفۆنـی بـۆ کـردم، وتـی مامۆسـتا گیـان بەخـوا تـازە ئـەو فەیسـبوکەم هـەر نـاوی بیسـڕەوە بـۆم، وتـم دەی کـۆدو شـتەکەم بـدەرێ تـا بچمـە نـاوی، وتـی واللە هیچـم لەبیـر نەمـاوە، هـەر بیسـڕەوە تـەواو، وتـم بـرا ئـەوە وا نابێـت کـۆدی خـۆی هەیـەو بـە مـن ناکرێـت.

جـا ئـەم جـۆرە دادگانـەش موهیمـە بەبـێ کـۆدو پارێـزەر لـە غیابـی هەمـو شـتەکاندا چەکوشـی خۆیـان دەوەشـێنن.

*********

ڕۆژێك شەهادە دەوری هەیە، ڕۆژێك مانگا.

ماوەیـەك موچـە بـاش بـوو، هەمـووی سـەری کـردە خوێنـدن، وەك لەنگەکـەی ئێسـتە، بـە شـەو و بـە ڕۆژ، بـە ئاسـایی و بـە نـا ئاسـایی، هەمـووی هەوڵـی شـەهادەی دەدا! داوای ژنـت بکردایـە دەبوایـە مـۆزەف بوایەیـت، یـان مامۆسـتا، کەچـی ئەمـڕۆ کابرایـەك دەیگـوت: واللە ئێسـتە بچیـت بـۆ داوای ژن دوو مانـگات هەبێـت ژنـت پـێ دەدەن، بـەس نایـدەن بـە مـۆزەف و مامۆسـتا...

نەڵێن هەموومان مانگاین عەیبە.....

بیلموناسـە بـاش بـوو کەوتـەوە بیـرم، خەڵکـی دەربەندیخـان گلەیـی لـە قایمقـام دەکـەن لـەوەی مانـگا زۆر بـە کۆڵانەکانـدا دەگەڕێـن، تـا ئێسـتە

چارەسـەر نەکـراوە...
منیـش وتـم بـرا ئـەو بـوە بـە قایمقـام، خـۆ نەبـوە بـە گاوان تـا مانگاتـان بـۆ دەربـکات...

*********

سەدام و کوردو شیعە
حاجـی یوسـف وتـی: ئەگـەر مـن سـەدام حسـێن بوایـەم تـا مـردن لەسـەر حوکـم دەمامـەوە!
وتیـان: چـۆن؟ وتـی: سـەدام گیـری بـە دەسـتی کـورد و شـیعەوە خواردبـوو، شـیعە حـەزی دەکـرد لـە خـۆی بـدات بـۆ ئیمامـی حسـێن و کوردیـش حـەزی لـە هەڵپەڕکـێ دەکـرد، ئەویـش نەیدەهێشـت، بۆیـە کێشـەی بـۆ دروسـت دەبـوو، وتـی مـن بوایـەم زنجیـری دونیـام دەکـڕێ بـۆ شـیعە بـا هـەر بـدەن لـە خۆیـان و دەهۆڵـی دونیـاش بـۆ کـورد بـا بـۆ خۆیـان هـەر هەڵقونایـەن.
ئەسەف نە شیعە لە خۆ لێدان دەکەوێت و نە کوردیش لە هەڵپەڕکێ.

*********

خزمێکمان سیلاحێکی کڕی بوو!
خەڵکیـش وتبویـان: کاکـە ئـەوە ئێسـتە مەمنوعـەو دەبێـت مۆڵەتـی بـۆ بکەیـت.
ئەویش وتبووی: مۆڵەت چی یە؟
وتیـان: مۆڵـەت وەرەقەیەکـەو ئیتـر ئەگـەر داوایـان لێکردیـت دەبێـت نیشـانی بدەیـت.
ئەویـش وتبـووی: جـا مـن سـیلاحم پـێ بێـت، پیـاوم ئەوێـت بتوانێـت داوای وەرەقـەم لـێ بـکات.

*********

کابرایەکی سایەق کە ئیشی نەفەراتی دەکرد، لە ڕێگە هاواریان کرد وتیان کەسێك کەوتە خوارەوە! سایەقیش وتی پارەکەی دابو؟ وتیان بەڵێ! وتی دەی کێشە نیە مادام پارەکەی واصل کردوە.

*********

قەسابێك پرسیارێك دەکات لە مەلایەکی شافعی مەزهەب و دەڵێ؛ مامۆستا قوربانی واجبە یان سونەتە؟
مامۆستاش دەڵێ؛ سونەتە.
قەسابەکەش دەڵێ؛ مامۆستا گیان بە قوربانە بڵێ واجبە، بەرخێکیشت بە دیاری دەدەمێ.

*********

تەقو هوڕی ڕاگەیاندن، ئاسەواری گەندەڵی ناسڕێتەوە.
کابرا بای لێ بەربویەوە تەقە تەقی دروست کردبو، یەکێ وتبوی؛ وا دەنگەکەیت بەم شێوەیە شاردەوە، ئەی بۆنەکەی چی لێ دەکەیت؟!

---

بە حەق بێت، کورد حەقی ٤ دەوڵەتی هەیە، هەر پارچەیەك و وڵاتێکی سەربەخۆ، هەروەك چۆن بە حەق بێت، پیاو حەقی ٤ ژنی هەیە، بەڵام مەسەلەی کوردایەتیەکەش وەك ژنەکەی لێهاتوە، پشتگیری ناوخۆو نیودەڵەتیشی نی یە، بۆیە لەناو کورددا هیچکامیان سەرکەوتو نەبوە...

*********

بزەی سەرپێچی
دەردی مەشروب و شپرزەیی خێزان
ژنێك زۆر بێزار بو لە پیاوەکەی، بەهۆی مەشروب خواردنەوە! منداڵەکانیشی ئەزیەت دابوو! دایکی وتبووی باش دەبێت ئەگەر واز

لـەم گـو خواردنـە بهێنـێ! باوکیـش ئـاگای لـەم کەیـن و بەینـە نیـە! ڕۆژێـك بـاوك کـوڕە دەنێـرێ بـۆ مەشـروب و دایـك نازانـێ بـۆ کـوڕە ڕۆشـتووەتە دەرەوە! دایـك تـوڕە دەبێـت بـۆ وا درەنـگ دەچیتـە دەرەوەو دەبێـت بـە هـەراو باوکیـش دەکەوێتـە بەیـن! کـوڕە هـاوار دەکات کـورە ڕۆشـتم گـوم بـۆ باوکـم هێنـا!

ئنجـا ئەمجـارە بـە هەردوکیانـەوە هاتـن پیایـا! منداڵـی دامـاو ئەمجـارە گـو بهێنـێ و نەیهنـێ هـەر فـت.

*********

بزەی سەری ساڵ!

زۆربـەی ئـەو کوردانـەی ڕۆشـتونەتە ئەوروپـا، بـەرواری لـە دایـك بونیـان یەکـی یەکـە!

بۆیە ئەمشەو عیدمیلادی زۆرینەیە.

زۆر سەیرە مەوالیدەکانمان ڕێکە! کەچی خۆمان لارین!

*********

بزەی سەری ساڵ و تەمەن!

لـە ئەسـتەنبوڵ ئیشـم دەکـرد لـە کارگەیەکـی بەرگـدووری، نزیکـی ٤٠ ئافـرەت و ٥ پیـاو.

یەکێـك لەوانـە کـە زۆر بەرکەوتنمـان هەبـو، چێشـتلێنەرەکە بـو، ڕۆژێـك پێـم وت: خوشـکی بەڕێـزم مەمنـون دەبـم هەندێـك خواردنـم بـۆ بخەیتـەلا بـۆ ئێـواران، چـون مـن نازانـم چێشـت لـێ بنێـم، ئەویـش وتـی زۆر ئاسـاییە، ڕۆژێـك پێکـەوە وتومـان دەکـرد بەرانبـەری یـەك و وەك هەمیشـە دەمەتەقـە، کچێکـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنابـو وتـی ئەمـە کچـی خۆمـەو تەمەنـی ١٣ سـاڵە، منیـش وتـم تەمەنـی درێـژ بێـت و کارێکـی

چاکـه مـادام لەگـەڵ خۆتـەو ئـاگاداری دەبیـت!
دواتر وتی من تەمەنم چەند ساڵ دەبێت؟
منیش وتم ٤٠ ساڵ دەبیت!
هەرکـە وتـم ٤٠ سـاڵ! یەکسـەر دەسـتی ڕاوەشـاند بـە توڕەییـەوە وتـی:
ئیتـر خـواردن تـەواو!
ئیتـر هەرچیـم کـرد فائیـدەی نەبـو! تـا لـەو کارگەدابـوم دوای ئـەوە هەمـوو ڕۆژێـك هێلکـەو ڕۆن و پەتاتـەی سـورۆکراوم دەخـواد!
ئەوروپیەکان بە گشتی ئەوەندە پێیان ناخۆشە بڵێی پێیان گەورەیت!
جـا نازانـم ئـەم خۆشـی سـەری سـاڵە بۆچـی دەکـەن کـە گـەورە دەبـن و سـاڵێك زیـاد دەکات!
*********
ئینگلیـز تەمەنـی ڕۆشـتە سـەرو ٢١ سـاڵ، پێـی خـۆش نیـە پرسـیاری تەمەنـی لـێ بکرێـت!
هەربۆیـە زۆرێکـی گـەر پرسـیاری لـێ بکەیـت، بـە پێکەنینـەوە دەڵـێ: ٢١ سـاڵم.
لـە تەلەفزیۆنێـك موقابەلەیـان کـردم، پێشـتر پێـم وت پرسـیاری تەمەنـم لـێ مەکـە، وتـی بـاش، کەچـی لەنیـوەی پرسـیارەکاندا هـەر لـە خۆیـەوە وتـی: ئـێ مامۆسـتا گیـان تەمەنـت چەنـدە؟
منیش پێچێکم لێ داو ئینگلیز ئاسا وتم ٢١!
منیـش لـە ٢١ سـاڵیەوە هـەر دەڵێـم ٢١ سـاڵم و پیاویـش عەیبـە لـە قسـەی خـۆی پەشـیمان ببێتـەوە.
*********

کارزان: سڵاو دکتۆر.
عومەر عەلی: سڵاو برا گیان.
کارزان: مـن بـاوەڕم وایـە مـردن وەك خـەو وایـە! ئیتـر بۆچـی هـەوڵ بـدەم؟
عومـەر عـەلـی: جـا بـڕوا بكـە لـە خەومـا ژنـم هێنـاوە ئەوەنـدە خـۆش بـوە! لـە ڕاستـیدا هێنانـی ئەوەنـدە خـۆش نیـە!
کارزان: بە قورئان ڕاست دەكەیت هههه.
عومەر عەلی: دەی ئیتر خۆت مەخەڵەتێنەو هەوڵ بدە هههه.
کارزان: کوره به چاوان هههه.

*********

بزەی ڕۆژ (تەوالێتی مزگەوت)
لـە سـلێمانی لەمـاڵ برادەرێكـم بـووم، شـەو دەمەتەقەمـان دەكـرد، باسـی ڕۆڵـی مزگـەوت هاتـە نـاوەوە، منیـش زۆر بـە جـدی باسـی گرنگـی مزگەوتـم كـرد، هـەر لـە عیبادەتكـردن تێیـدا، تـا دەگاتـە پڕكردنـەوەی زۆر پێداویسـتی كۆمەڵگـەو هەتـا ئاگابـوون لەیـەك و یارمەتـی یەكتـری، تـا دەگاتـە مـردن و شتنی، وتـم جـا لـە ئەوروپـا ڕۆڵـی زیاتریشـی هەیـە، لێـرە بەهـۆی دۆخـی خراپـی سیاسیەوە ناهێڵـن ڕۆڵـی تـەواوی خـۆی بگێڕێـت، هاوڕێكـەم زۆر بـە جـدی گوێـی دەگـرت و وتـی: والله ڕاسـت دەكەیـت، بـەڵام شـتێكت لەبیـر چـوو باسـی بكەیـت! وتـم چـی یـە؟
وتـی: بـڕوا بكـە مزگـەوت نەبێـت هـەر لـەم سـلێمانیەدا ڕۆژانـە چەندیـن كـەس لـە بـازاڕدا خۆیـان پیـس دەكـەن!
برادەرێكـی تریشـم وتـی: تەوالێتـی مزگەوتـەكان دیوارەكـەی نزمـە، كەسـێك بـاڵای زۆر بـەرز بێـت ملـی لـە دیوارەكـەوە دیـارە كـە هەسـتا، وتـی: كابرایـەك تـەواو بـو، خەڵكێكـی زۆریـش لـە دەرەوە چاوەڕێیـان

دەکرد، ئەویش هەروا ملی دەگێڕا بەسەر خەڵکەکەدا، وتی کەسێك خۆی پێ ڕانەگیرا وتی دەی کاکە بۆ نایەیتە دەرەوە، وتی ئەویش وتی بۆ ناسیاوێك دەگەڕێم بیخەمە جێگەکەی خۆم.
جا هەر دەشڵێن بۆ کۆرسی چۆڵ ناکەن! قاعیدەی تەوالێتیش لە شەرقدا بە ئاسانی چۆڵ ناکەن چ جای کورسی ...

*********

بزەی کۆرۆنا!
دایە حەبەم خوا عافویکا لە دەربەندیخان دەیەوێت بڕوات بۆ عەربەت، سەیارەی عەربەت نابێت و دەڵێن دایە گیان ئەتوانی بە پاسی سلێمانی بڕۆیت و لە عەربەت دابەزی، بەڵام دەبێت کرێی سلێمانی بدەیت!
ئەویش سەر دەکەوێت و لە ڕێگە کرێ کۆدەکەنەوەو ئەو کرێی عەربەت دەدات! پێی دەڵێن دایە گیان تۆ سواری پاسی سلێمانی بویت و دەبێت کرێی سلێمانی بدەیت! ئەویش زۆر پیر بوو هەرچی مشتومڕ دەکەن و هەر دەڵێ ئاخر کاکە من هەموو جارێك هەر ئەوەندەم داوە! دەڵێن ڕاست دەکەیت بەڵام وەزعەکە جیاوازە ئێستەو پێشتر بە سەیارەی عەربەت بۆ عەربەت ڕۆشتویت بەڵام ئێستە ئەمە هی سلێمانیە،ناچار پارەکە دەدات و دەچێت بە ڕقاو دەڵێ دەی شەرت بێ لە عەربەت دانەبەزم و منیش بێم بۆ سلێمانی!
دەڕوات بۆ سلێمانی و دواتر پارەی تر دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ عەربەت!
منیش ئەمڕۆ ڕێك وام لێهات! قەرار بو سبەی لە ئەستەنبوڵەوە سەرکەوم بۆ سلێمانی، وتیان هەرچی گەشتە هەڵوەشاوەتەوەو تەنها دەتوانین بۆتی بگۆڕین بۆ وڵاتێکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا!

دوای چەندو چونی دونیا و موناقەشەی وڵاتەکان، ئاخری کردیان بە دوبەی !
وتم دەی خۆ وتیان کوردستان دەکەین بە دوبەی دەچم بۆ دوبەی و لەبری کوردستان حسێبی دەکەم.
*********

کۆرۆناو جومعە
خاڵۆیەکم هەیە ڕۆشتووەتە بانی کەلی شەیتان و هەرچی ئەکەین نایەتە خوار!
جا ئەم خاڵە سورەم کە هەر ئەڵێی ترامپە، لەگەڵ قەڵخانیەکدا پێکەوە دەبن، قەڵخانەیەکە پێی دەڵێ: تۆ وەك ئەم سونانە مەکە یەك مانگی ڕێك بەڕۆژوو دەبن! هەر ٣ ڕۆژ بگرە بەسە.
ئەویش دەڵێ: کورە خەمت نەبێت بەخوا ئەو ٣ ڕۆژەش ناگرم!
ئینجا هەر ئێستە ئەو خاڵۆمەو هاوشێوەکانی ڕۆژی ١٠٠ فەتوا ئەدەن بۆ نەڕۆشتن بۆ نوێژی جومعە.
برا ئێوە لەماڵیشدا بیکەن هەر قبوڵمانە!
ناوەندی سیکۆلاریش لەبری ئەوەی فەتوا بۆ نێرگەلە خانەو مەشروبخانەکان دەرکات کەچی فەتوا بۆ ئەهلی مزگەوت دەرئەکات، جا ئەڵێن ئەوە ئیشی تەندروستیە، دەڵێی وەزارەتی تەندروستی وتەبێژیان نی یە!
بەهیوای نوێژکردن بە تەندروستیەکی باشەوە.
*********

حکومەت بەم شێوەیە چارەی کێشەکان دەکات!

برادەرێکم وتی: هاوڕێیەکم تەلەفۆنی بۆ کردم، داوای ژمارەی

تەلەفۆنــی کەسـێکی لێکــردم.
وتـی منیـش پێـم وت: ئاخـر کـێ دەڵـێ ئـەو ڕازی بێـت کـە مـن ژمارەکەیت پـێ بـدەم، وتـی پێـم وت: کاکـە تـۆ تەلەفۆنێکـی بـۆ بکـە، ئەگـەر ڕازی بـوو ئەوسـا ژمارەکەیت پـێ دەدەم.
وتی ئەویش وتی باشەو تەلەفۆنی داخست!
دوای کەمێـك تەلەفۆنــی کــردەوە وتــی بــرا مــن داوای ژمــارەم کــردوەو تــۆش دەڵێــی تەلەفۆنــی بــۆ بکــە.
نوێنەرەکانی حکومەتیش ئاوا ژمارەمان دەدەنێ!
بۆیە کێشەکان چارە نابێت.

*********

کابرایەک دوعای ئەکرد و ئەیوت:
خوایــە ملوێنێــک و ٢٥ هــەزارم بەیتــێ. وتیــان: ئــەو ٢٥ هــەزارە چییــە؟
وتــی: ئــەوە زەکاتــی ملوێنەکەیــە.
وتـی دەی بـرا بـەم پێـوەرە بێـت هێشـتا هەندێکـت لەبیـر چـووە، چونکـە لـە ٢٥ هەزارەکـەش هـەر زەکاتـی دەکەوێـت.

*********

زەکات ماڵــی هــەژارەو بــە ئەمانــەت لای دەوڵەمەنــدە، قــەرزەو دەبێــت بگەڕێتــەوە بــۆ هەژارەکــە.

*********

کابرایـەك سـەیر دەکات ماڵێـك زۆر زۆر قەرەباڵغـەو شـەڕەپاڵە بـۆ ڕۆشـتنە ژوورەوە!
ئەویــش هەرچــۆن بێــت خــۆی دەکات بــە ژووردا تــا خــاوەن ماڵەکــە دەبینــێ و پێــی دەڵــێ: ئــەم قەرەباڵغیــە چییــە؟
خــاوەن مــاڵ دەڵــێ: دوینــێ گامێشــەکەمان قۆچێکــی دا لــە ژنەکــەم و

کوشــتی!
ئەویش دەڵێ: واتە ئەم هەمووە ئێستە هاتوون بۆ تەعزیە؟
ئەویش دەڵی: نە واللە هاتوون گامێشەکە بکڕن.
*********

شێخ محمد عورێفی لە وتارێکدا ئەمە باس دەکات.
*********

(ئیمان و ئیلحاد)
کابرایــەك قــەزوان دەخــوات، پیاوێــك لــە تەنیشــتیەوە دەبێــت، بێــزار دەبێــت لــە تەقــو و هــوڕو شــکانی قەزوانەکــە، پێــی دەڵــێ: کاکــە ئــەوە تــۆ خەریکــی چیــت؟ ئەویــش دەڵــێ: قــەزوان دەخــۆم، دیســان دەڵــێ: قــەزوان چییــە؟ ئەویــش دەڵــێ: ئەوەتــە ســەیری بکــە لەنــاو ئــەم شــتە ڕەقــەدا ناوکێکــی خۆشــی تێدایــە! ئەویــش دەڵــێ: دە واللە تــۆ بــۆ خــۆت یــەك ســەعات قــەزوان بخــۆ و هیچــی دەمــو فلّقــی خۆشــت ناهێڵــی و، مــن بــە یــەك گوێــز دەتگرمــەوە.
واتــە هەرچەنــد بــەو ئەزیەتەشــەوە ناوکــی قــەزوان دەربهێنێــت، دواتــر ناکاتــە ناوکــی یــەك گوێــز.
هەوڵــی ئیلحادیــش وا ئەبینــم لــە کوردســتان و جیهانــدا، دەموفلّقیــان ناهێڵــن و دواتــر بــە یــەك شــەو، یــەك کــۆڕ، یــەك بۆنــە، مســوڵمانان ئــەوان دەگرنــەوە.

خەندە خستنە سەر لێو چاکەیە
پێکەنین و خۆشی بەشێکی گرنگی
کۆمەڵایەتییە، گرنگیشە پەیامدار بێت.




د.عومەر عەلی
٢٠١٩

ISBN 978-168454167-6